# لا إله إلا الله، تیاچوون بۆ عەرەب لە شەڕێک کە نزیک بووەتەوە، ئەمڕۆ ئەوەندە لە دیوارە مەزنەکەی پێش یەئجوج ومەئجوج کرایەوە

لە زەینەبی کچی جەحشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە ترسێکی زۆرەوە هاتە ژوورەوە، وفەرمووی: «لا إله إلا الله، تیاچوون بۆ عەرەب لە شەڕێک کە نزیک بووەتەوە، ئەمڕۆ ئەوەندە لە دیوارە مەزنەکەی پێش یەئجوج ومەئجوج کرایەوە»، وپاشان بازنەیەکی دروستکرد بە پەنجە گەورەی وپەنجەکەی تەنیشتی، زەینەبی کچی جەحش دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا تیا دەچین لە کاتێکدا پیاوچاکان لەنێو ئێمەدان؟ فەرمووی: «بەڵێ، ئەگەر تاوان وپیسی زۆر بوو».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە ترسێکی زۆرەوە چوو بۆ لای زەینەبی کچی جەحش -ڕەزای خوای لێبێت-، لەکاتێکدا دەیووت: (لا إله إلا الله)؛ ئەمیش بۆ ڕاگەیاندن وپێشبینی کردنی شتێکی ناخۆش کە ڕوودەدات، وهیچ ڕزگاربوون وپەنایەك نییە لێی مەگەر بە پەناگرتن بە الله نەبێت -سبحانه وتعالى-، پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: تیاچوون بۆ عەرەب لە شەڕێك كە نزیكە ڕوودانی، ئەمڕۆ ئەندازەیەك لە دیوارە مەزنەكەی پێش یەئجوج ومەئجوج كرایەوە، ئەم دیوارە مەزنە ئەو بەنداوە گەورەیە كە (زو ئەلقەرنین) دروستی كرد، بۆ وەسفكردنی ئەندازەكە بازنەیەكی بچووكی دروستكرد بە پەنجە گەورەی وئەوەی تەنیشتی، زەینەب -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: چۆن خوای گەورە تووشی تیاچوونمان دەكات لەكاتێكدا ئیمانداره پیاوچاكەكان لەنێو ئێمەدان؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێی فەرموو: ئەگەر پیسی -تاوان وفاسقێتی- وزینا ومەی خواردنەوە وهتد زۆر بوو، ئەوا تیاچوون هەمووان دەگرێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3145

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee